

## دلۆڤان مەهدی:

# داوا دەکەم بە شێوەیەکی سەرەکی لە یانەی زاخۆ یاری بکەم

**دلۆڤان مەهدی یەکێکە لە گۆڵپارێزە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراق، ناوبراو ئەمساڵ بە ئاستە بەرزەکەی لە یارییەکانی خولی نایابی تۆپی پێی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و نازناوی باشترین گۆڵپارێزی لەسەر ئاستی خولەکە**

*** ئاستی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان چۆن بوون بەگشتی؟**

- بەڕاستی ئاستی خولی کوردستان ساڵ بە ساڵ بەهێزتر دەبێت، بە بۆچوونی منیش ئەمساڵ خۆشترین خول بوو لە هەموو ڕوویەکەوە زۆریش بەهێز بوو، یانەکانیش ئاستیان بەرز بوو.

*** بۆ پێشخستنی خولەکە پێت باشە لەئێستادا چی بکرێت؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت ئەگەر ژمارەی یانەکان لە ١٤ یانەوە زیاد بکرێت ٢٠ یانە باشتر دەبێت و خولەکەش زیاتر بەهێز دەبێت چونکە کێبڕکێیەکان زیاتر دەبن، پێشم باشە یاریگای یانەکان چاك بکرێت، چونکە بەهێزیی و باشیی خولیش پەیوەستە بە باشی یاریگاکان چونکە بەشێك لە یاریگاکانی یانەکان زۆر خراپن هی ئەوە نییە یارییان تێدا ئەنجام بدرێت.

*** هەستت چۆن بوو کاتێك خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزت پێدرا؟**

-هەستێکی یەکجار خۆشم هەبوو چونکە بۆ دووەم جارە ئەم خەڵاتە دەبەمەوە کە باشترین گۆڵپارێز لەسەر ئاستی کوردستان بۆ من دەستکەوتێکی گەورەیە وام لێدەکات زیاتر گرنگی بە ئاست و تواناکانی خۆم بدەم وەکو گۆڵپارێز لەنێو یاریگاو بەردەوامبم لە کێبڕکێ کردن لەگەڵ ئەوانی تر.

*** بۆچی یانەی زاخۆ ئەم وەزرە نەیتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت؟**

- لە قۆناغی یەکەمدا ئاستی ئێمە زۆر باش بوو، بەڵام بە ڕاگرتنی یاریزانێکمان و دوورخستنەوەی پیشەگەرێك لەلایەن دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ، بۆیە لە قۆناغی دووەم ئاستمان وەکو پێوست نەبووە.

***هەست ناکەی لە یانەکانی کوردستان جیاوازی دەکرێت لە نێوان گۆڵچییەکانی عەرەب و کورد؟**

- ئەم جیاوازییە بەدی دەکرێت، بەڵام لە هەندێك یانە نەك هەموو یانەکان.

*** هەتاکەی چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت کە لە یانەی زاخۆ بە یاریزانی سەرەکی یاریت پێبکەن لەخولی عێراقی، لەئێستادا زۆر جار بە یەدەگی دەبینرێی ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە بەرنامەی خۆم دامناوە بۆ ئەمساڵ کە قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم لە دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان کە ئاستم باشە بۆچی یەدەگ بم لەخولی عێراقی.

دیمانە: کارزان کانەبی

**پێبەخشرا، دلۆڤان لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری زاخۆیە ماوەی چەند ساڵێکە لە ریزی یانەی وەرزشی یاری دەکات، چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە لەگەڵ یانەی زاخۆ ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**





*** ئەمساڵ هیچ یانەیەك داوای نەكردووی یاریی بۆبكەی؟**

- چەند یانەیەك پەیوەندیان پێوە كردم بۆ یاری كردنم لە ریزی یانەكانیان، بەڵام من لە نێوان هەموویان یانەی زاخۆم هەڵبژارد بۆ یاری كردن.

*** هۆكاری چی بوو هەڵبژاردەی كوردستان ئەمساڵ نەیتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت؟**

- نەبوونی ئامادەكارییەكی باش و نەدانی چەند یاریزانێكی یانەكان بوونە هۆكاری خراپ لەم پاڵەوانیتییە.

*** كێشەو گرفتان چییە لە یانەی زاخۆ؟**

- لە یانەی زاخۆ هیچ كێشەیەكی ئەوتۆمان نییە شایەنی باس كردن بێت، سوپاس بۆ دەستەی كارگێڕی كە هاوكاری باشی ئێمەن.

***هیواو ئاواتت لەگەڵ یانەی زاخۆ؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە بتوانم ببمە گۆڵچیی سەرەكیی یانەی زاخۆ لە خولی نایابی عێراقی و بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆشم ئەم هیوایەم دەهێنمە دی.

*** بەرنامەت چییە كە ئێستا تۆ باشترین گۆڵچیی خولی كوردستان بووی؟**

- هەوڵدەدەم زیاتر ئاست و توانای خۆم بەرەو پێش ببەم و پارێزگاری لەم نازناوە بكەم، چونكە ئێستا هەموو كوردستان چاویان لە منە.

*** ئەگەر یانەیەكی دەرەوەی شاری زاخۆ داوای یاری كردنت لێ بكات ئامادەی یاری بۆ بكەیت؟**

- ئەو كات سەیری بارودۆخی یانەكەم دەكەم و بڕیاری خۆم دەدەم، چونكە ئەمساڵ لەبەر باردۆخی ئاسایشی عێراق نەمتوانی گرێبەستی یانەیەكی گەورەی عێراق واژوو بكەم، ئەگەر نا یانەی زۆر گەورە هەبوون گرێبەستیان لەگەڵ بكەم.

*** بەچ گۆڵكارێك زۆر سەرسامی لەخولی كوردستان و تۆ هەمیشە حسیابی تایبەتیت بۆكردووە؟**

- گۆڵكاری بەتوانا لە خولی كوردستان زۆرن منیش حیساب بۆ هەموو هێرشبەرێك دەكەم لە هەر یانەیەك بێت.

*** خۆشترین یاوەردەریی وەرزشیت چییە ؟**

- بەدەست هێنانی نازناوی دووجار باشترین گۆڵپارێزی لەسەر ئاستی كوردستان و بەدەست هێنانی دووجامی كوردستان لەگەڵ زاخۆ ئەمانە یادەوەریی خۆشن لای من.



# ٨ یاریزان بوونە ئەستێرەی جامی جیهانی

لە وڵاتی بەرازیل یارییەکانی جامی جیهانی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەم پاڵەوانێتییە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ پاڵەوانێتیەکانی رابردوو، چونکە توانرا لەم پاڵەوانێتییەدا چەندین ئەستێرەی تۆپی پێ ئاشکرا بکرێت، کە پێش دەستپێکردنی یارییەکان کەسێك بە ئاستی ئەم یاریزانانەی نەدەزانی، بە پێی چاودێران ٨ یاریزان بوونە جێگەی سەرنجیان، کە لە پێش دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی ناوبانگیان نەبوو، بەڵام ئێستا بوونە جێگەی بایەخی یانە گەورەکانی ئەوروپا.

ئا / ڕێبین ڕەمزی



١

گۆتشوا گۆڵچی هەڵبژاردەی مەکسیك و یانەی ئەجاکسیۆ فەرەنسی تەمەن ٢٨ ساڵ، ئەم گۆڵچییە ئاستێکی نموونەیی لە مۆندیال پێشکەش کرد توانی هەڵبژاردەکەی بگاتە قۆناغی ١٦ و یەك گۆڵی لێ تۆمارکرابوو، ئەم گۆڵچییە هەر لە ئێستاوە بووە جێگەی بایەخی یانە گەورەکانی ئەوروپا.



٢

دالی بلیند یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی ئەجاکس ئەمستردام تەمەن ٢٤ ساڵ لە هێڵی بەرگری باڵی چەپ یاری دەکات، ئەم یاریزانە ئێستا بوویتە یەکێك لەو یاریزانانەی، کە چاوێکی زۆری لەسەرە لە لایەن یانەکانی ئەوروپا، چونکە توانی لە ٣ یاری ٣ گۆڵ دروستبکات هەرچەندە لە هێڵی بەرگریش یاری دەکات، ڤان گال بایەخێکی زۆر بەم یاریزانە دەدات.



٣

ممفیس دیبای یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی ئایندهۆڤن تەمەن ٢٠ ساڵ و لە هێڵی ناوەڕاست لە باڵی چەپ یاری دەکات، ڤان گال هەلێکی مێژووی خستە بەردەم ئەم یاریزانە، چونکە بەم تەمەنە بچووکە بەشداری لە یارییەکانی جامی جیهانی کرد، بەڵام دیبای لە جێگەی متمانەی ڕاهێنەر بوو و لە یارییەکان ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد توانی لە دوو یار یدا دوو گۆڵ تۆمار بکات و گۆڵێك دروستبکات.



٤

٤- سێرجی ئۆبێر یاریزانی هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج و یانەی تۆلۆزی فەرەنسی تەمەن ٢١ ساڵ لە هێڵی ناوەڕاست باڵی راست یاری دەکات، ئەم یاریزانە توانی ئاستێکی بەرز و نموونەیی لە یارییەکانی جامی جیهانی پێشکەش بکات توانی لە کۆی چوار گۆڵ، کە هەڵبژاردەکەی تۆماری کردووە دوو گۆڵ دروست بکات، ئێستا یانەی ئەرسناڵ هەوڵ دەدات گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکات.




٥

جوێل کامبل یاریزانی هەڵبژاردەی کۆستاریکا و یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی تەمەن ٢١ ساڵ، لەم پاڵەوانێتییە هەڵبژاردەی کۆستاریکا بووە ئەسپی ڕەشی پاڵەوانێتیەکە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی مێژوو بۆ خۆی تۆماری بکات، هەروەها چەندین یاریزانی ئاست بەرزی بە جیهان ناساند کە یەکێکیان جوێل کامبل-ی هێرشبەرە، کە سەرنجی هەموانی بۆ خۆی راکێشا بەهۆی ئەو ئاستە بەرزی پێشکەشی دەکات.







### ٦

ریـــكاردۆ رۆدریگیــز یاریزانی هەڵبژاردەی سویســرا و یانــەی ڤۆلســڤۆرگ-ی ئەڵمانی تەمەن ٢١ ســاڵ و لە هێڵی ناوەڕاست باڵی چەپ یاری دەكات، ئەم یاریزانە هەر لە یەكەم یاریی جامی جیهانی خۆی بە یانەكان ناســاند، كاتێك توانی لە یاریی ئیكوادۆر دوو گۆڵ دروست بكات و سەركەوتن بۆ هەڵبژاردەكەی تۆمار بكات ئێستاش یانەكانی ئەوروپی چاودێریكی وردی ئەم یاریزانە دەكەن.




### ٧

ئەحمەد موســا یاریزانی هەڵبــژاردەی نێجیریا و یانەی سیســكا مۆسكۆی رووسی تەمەن ٢١ ساڵ لە هێڵی هێرشبەر یاری دەكات، ئەم یاریزانە توانی ببێتە یەكەم یاریزانی ئەفریقی دوو گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین تۆمار بكات و مێژوویەك بۆ خۆی تۆمار بكات، هەرچەندە نێجیریا لە قۆناغی ١٦ ماڵئاوایی كرد، بەڵام ئەستێرەیەكی تۆپی پێی كــردە دیاری بۆ جیهان، رەنگە یانــە گەورەكانی ئەوروپا گرنگی بەم ئەستێرەیە بدەن و گرێبەستی لەگەڵ مۆربكەن.

### ٨

ئینــەر ڤالنســیا یاریزانــی هەڵبــژاردەی ئیكوادۆر و یانەی باتشــۆكای مەكســیك تەمەن ٢٥ ساڵ لە هێڵی هێرشبەر یاری دەكات، ئەم یاریزانە توانی ببێتە ئەســتێرەی هەڵبژاردەكــەی لــە جامی جیهانی توانــی ٣ گــۆڵ تۆمار بــكات لە كۆی سێ گۆڵ، كە هەڵبژاردەكەی تۆماری كردبوو و بە ســێ شێوازی جیــاواز، بۆیە دەتوانیــن بڵێین ئینەر ڤالنســیا لە وەرزی نوێ لە یانەكانی ئەوروپا یاری دەكات.



# نەورۆز بە بەرگێکی نوێ دەردەکەوێت

دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز بۆ وەرزێکی تری خولی نایابی یانەکانی کوردستان گرێبەستی ڕاهێنەری بەتوانای یانەکە ئەرسەلان جەلالی نوێ کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئێستادا ئەرسەلان جەلال لە هەوڵی ئەوەدایە تیپێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکات بۆ وەرزی نوێی خولی کوردستان و گفتوگۆکانیان لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا دەست پێکردەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم وەزرە ڕکابەری لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، لەبارەی هێنانی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا بۆ ریزی یانەکە، ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە ئەم وەزرە هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین باشترینەکانی شاری سلێمانی بهێنینە لای خۆمان و کێبڕکێی بەهێز لە سەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە بکەین، هەر بۆیە لە ئێستادا گفت و گۆکانمان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری هەیە بۆ ئەوەی ئەم یاریزانانە پەلکێشی ریزی یانەی نەورۆزیان بکەین و ژمارەیەکی زۆریش لە یاریزانان بەڵێنی هاتنیان داوە بە یانەکە تەنیا کێشەی دەستبەرداربوونیان ماوە لە یانەکانیان ئەگەر نا هەموو کارەکانمان تەواو بوو یاریزانانمان لە هەموو هێڵەکانی یاری کردن هێناوە، لە بارەی دوورخستنەوەی چەند یاریزانێکی یانەکەش ناوبراو گوتی: حەوت تاکو هەشت یاریزانی وەرزی ڕابردوومان دوورخستۆتەوە لە یانەی نەورۆز، بۆیە بۆ شوێنی ئەمانیش پێویستمان بە یاریزانانی تر دەبێت، ئێمە دەمانەوێ بە زانستی کاربکەین و یاریزانی پێست بهێنن لە بڕی یاریزانانی تر.لە بارەی ئاشکرا کردنی ناوی یاریزانەکانیش ناوبراو گوتی»لە ئێستادا نامانەوێ ناوی هیچ یاریزانێکی تازە ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی کێشەیان بۆ درووست نەبێت لەلایەن یانەکانیان بۆیە پەلە ناکەین لە ئاشکرا کردنیان.



# چارەنووسی سائیر جەسام لەگەڵ دهۆک نادیارە

دوای ئەوەی ئەم وەزرە یانەی دهۆك بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ سائیر جەسامی ڕاهێنەری پێشووی یانەی وەرزشی شورتە مۆرکرد بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە خولەکە، بەڵام لە دوای هەڵوەشانەوەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، لە ئێستادا بە هۆی نالەباریی دۆخی ئەمنی شارەکانی عێراقی زۆربەی ڕاهێنەرە بە ئەزموونەکانی عێراقی بەنیازی چوونە دەرەوەی عێراقیان هەیە، سائیر جەسامیش تاکو ئێستا بەفەرمی مانەوەی خۆی لە یانەی دهۆك ڕانەگەیاندووە بەهۆی ئەوەی دوو گرێبەستی پێشکەش کراوە لە هەردوو وڵاتی چین و ئیمارات، جگە لەوەی لە یانەکانی عێراقیش گرێبەستی پێشکەش کراوە و دهۆکیش داوای نوێ کردنەوەی گرێبەستی لێ کردووە لەبارەی مانەوە نەمانەوەی لە یانەی دهۆکیش محەمەد عەلی ئەندامی ڕاگەیاندنی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە قسەمان لەگەڵ سائیر جەسام کردووە بۆ ئەوەی لە ریزی یانەکەمان بمێنێتەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش داوای مانەوەی لە ناوبراو کردووە و هەموو کار ئاسانییەکی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین و بەڵام سائیر بەڵێنی ئەوەی بە یانەی دهۆك داوە ئەگەر هیچ گرێبەستێکی تری نە بێت لە دەرەوەی وڵات ئەوا نابێت ڕێگری لێ بکەین، ئێمەش هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ مانەوەی ڕاهێنەری ناوبراو، بەڵام زۆربەی پێشبینییەکان ئەوەیە کە ڕەنگە سائیر جەسام بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئاسایش لە شارەکانی عێراقی روو لە خولەکانی دەوروپشتی وڵاتانی دراوسێ بکات، تا ئێستاش لەلایەن خۆیەوە سائیر هیچ بڕیارێکی کۆتایی نەداوە لەسەر چارەنووسی خۆی کە لەگەڵ چ یانەیەك کار دەکات لە داهاتوو.

# چێڵسی چەند گۆڕانكارییەكی لە پێكهاتەكەی ئەنجامدا

یانەی چێڵسی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی ئەتلەتیكۆ مەدرید دیگۆ كۆستا مۆركرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی ئەم یانەیە یاری بكات. یانەی چێڵسی بڕی ٤٠ ملیۆن یۆرۆی دا یانەی ئەتلەتیكۆ مەدرید بە مەبەستی وەرگرتنی دەستبەرداربوونی ئەم یاریزانە لە یانەی ئەتلەتیكۆ مەدرید و چاوەڕوان دەكرێت لەبەرانبەر ئەم گرێبەستەدا یاریزانی هەڵبژاردەی بەلژیكا لۆكاكۆ بچێتە یانەی ئەتلەتیكۆ مەدرید بەشێوەی خواستن. جێگەی باسە یانەی چێڵسی بەفەرمی دەستبەرداری هەریەكە لە یاریزانان (ئەشلی كۆڵ، فرانك لامپارد، سامۆێل ئیتۆ ) بوو و هەروەها چاوەڕوان دەكرێت یاریزان لۆكاكۆ بەردەوام نەبێت و هەروەها تا ئێستا تەنیا گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی یانەی بەرشلۆنە فابریگاس مۆركردووە شانبەشانی دیگۆ كۆستا.